
# سەماحەتی حەکیم لەگەڵ شاندی ڕەوتی دیموکراتی ئاشووری پێشهاتەکانی دۆخی سیاسی و نوێنەرایەتی دادپەروەرانە تاوتوێ دەکات




بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم لە ڕۆژی 12ی شوبات پێشوازی لە شاندی ڕەوتی دیموکراتی ئاشووری کرد کە بە سەرۆکایەتی بەڕێز یەعقووب کەرکیس بوو.

سەماحەتی باسی ئەو پەیوەندییە بەهێزە لەگەڵ ئەو ڕەوتە کرد بەدرێژایی قۆناغە چارەنووسازەکانی مێژووی عێراق و دووپاتی کردەوە کە پێکهاتەی مەسیحی لە عێراق گرنگی خۆی هەیە و سەرچاوەی دەوڵەمەندی کۆمەڵگەی عێراقییە، داواشی کرد بگەڕێنەوە بەخواستی خۆیان بۆ عێراق و بەشداری بنیاتنانی ولاتەکەیان بکەن.

هەروەها بەڕێز حەکیم لەگەڵ شاندەکە پێشهاتەکانی گۆڕەپانی سیاسی لەعێراق و ناوچەکە تاوتوێکرد و بانگەوازی چارەسەرکردنی کێشەی هەرسێ سەرۆکایەتییەکە و گرنگیدان بە بەرژەوەندیی گشتی و زاڵکردنی بەسەر بەرژەوەندییە تایبەتییەکاندا بەشێوەیەک کە یارمەتیدەر بێت لە بەهێزکردنی سەقامگیریی سیاسی و پتەوکردنی پرۆسەی دێموکراسی باسی لێوە کرا..

لەکۆتایی قسەکانیدا سەماحەتی داوای گەرەنتییەکی تەواوی بۆ سەرجەم پێکهاتەکان کرد و گوتی کۆتای تایبەت هەکارەکە بۆ دەربڕینی ئیرادەی ڕاستەقینەیان، دووپاتیشی کردەوە کە گرنگە چارەسەری یاسایی بۆ بەدی هێنانی ئەو ئامانجە بکرێت و بۆ ئەوەی بەشداریکردنیان لە پرۆسەی سیاسی بە پارێزراوی بمێنێتەوە، ئەوەش پێویستی بەکاری جیدییە بۆ ئەوەی ئەو شایستە دەستوورییە بمێنێتەوە و پارێزراو بێت.